# دەنگتان بۆ ئەدەین و... دڵمان پڕە لە شکان

د. رەووشت رەشید

-1-

کوردبوونمان چ قەدەرێکی نەگبەتە؟! ئەم نەگبەتیە رەگێکی مێژوویی و چیرۆکێکی دوورو درێژی هەیە. ئێمە لە ناو پرۆسەی کورد بووندا بەردەوام کەوتوینەتە بەردەم هەڵبژاردنە قورس و بریارە پڕ لە ئالۆزی و چارەنوسسازەکاندا. پتر لە جارێك و دووان کەوتوین بەسەر ئەو حاڵەتەی کە تیایدا پێمان لە جەرگی خۆمان ناوە بۆ ئەوەی بڕیار بدەین, پتر لە جارێك ودووان  بە ناچاری بەرەو چارەنوسی نادیاری خۆمان کەوتوینەتە رێ. پێدەچێ ئەمجارەشیان رووبەرووی هەمان حاڵەت ببینەوە. حاڵەتێك کە نامانەوێ تییدا بەشدار بین، نامانەوێ بەشێك بین لە گەمەیەك کە بەردەوام لە خزمەتی دەسەلأت و دەست وپێوەندەکانی بوەو ئێمەی میلەت جگە لە زەرەر و حەسرەت,  شتێکی دیکەمان بۆ نەماوەتەوە. بەلأم ئەگەر بەشدار نەبین چ بکەین؟!

-2-

ئەگەر بەشدار نەبین چ بکەین؟ ئەوەتا لەلایەك دوژمنان هێشتا هەرەشەن بۆ سەر پێکەنینی منداڵانمان و هێشتا ئاسۆکانی ئۆخژن و ئارامیمان لە بەردەم مەترسیدایە. هێشتا برینی دوێنێی ئەنفال و هەلەبجەو بارزانمان سارێژ نەبووەو, هەموو رۆژێ حەسرەتی ئەو هەموو گۆرستانە, حەسرەتی ئەو هەموو بێوەژن و ئەو هەموو غەدرو شەرەف تکانە , بەشێکی یادەوریمان, لەتێکی دڵمان , کونجێکی رۆحمان دەخواتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە راگەیاندنی کوردی یاری لەسەر بەشە هەرە هەستیارو تاریکەکانی یادەوەریمان دەکات و بە وەبیر هێنانەوەی تراژیدیاکان، بە پیشاندانی گریان و پاڕانەوەی منداڵن ودایکانی شەهیدان , وامان لێدەکات هەست بە گوناه بکەین و تەسلیم بە دەنگ دانمان ئەکات، دەنگدانێك کە هەرچەن دەکەین ناتوانین قەناعەت بە خۆمان بێنین کەلە بەرژەوەندی میللەت و خەڵکیهەژارو بەدبەختی کوردە.

-3-

کوردبوون چ نەگبەتیەکی گەورەیە، ئەوەتا ئەمجارەشیان دەمانخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی گەورەو کوشندە، ناچارمان ئەکات دەنگ بۆ کەسانێك و دەسەلأتێك بدەین کە زەرەیەك رێزیان لە ئینسانی بوونی ئێمە و یادەوەری برینداری ئێمە نەگرتووە. کەسانێك لە شاخەکاندا پشت وپەنایان بووین, لە راپەڕین و نەبەردیەکاندا پێشیان کەوتین و لە هەڵبژاردن و رۆژانی سەختیشدا  ئومێدو بەردەبازیان بووین, کەچی ئەوان دەیان ساڵە بەرژەوەندیەکانی خۆیان , حەزو خەونە تاکرەهەندەکانی خۆیان خستۆتە سەروی ناڵەو هاواری خەڵك . کورد بوون جارێکی دی ناچارمان ئەکات دەنگ بۆ لیستێك بدەین کە نوێنەرانی بەشدار بوون  لە هەڵگیرساندنی شەرێك کە مێژوی خەبات و قوربانیەکانی ئێمەی پڕکرد لە گوناهو ناشیرینی, شەرێك باوەڕی لەنێوان براکاندا نەهێشت , کوردبوون ناچارمان دەکات دەنگ بۆ لیستێك بدەین کە

**نوێنەرانی لەپێناو کورسی و مەیلی ڕەشی دەسەڵات سالاریدا کوردیان فێری شەڕی براکان و شەڕی کۆڵان و شارو هەرێمەکان کرد.کوردیان فێرکرد ئەلبومی وێنەی کچ و ژنو منداڵەکانی یەکتری تالآن کەن, کتێب و ڕۆژنامەو مەرکانەکانی یەکتری بسوتێنن, کوردبوون ناچارمان دەکات دەنگ بۆ لیستێك بدەین کە نوێنەرانی لەپێناو سەروەت و دەسەڵاتدا لە رادیۆو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکاندا شەرەفی یەکتریان شکاند, سوکایەتیان بە ڕەمزو سەرکردەکانی یەکتری کرد. کوشتنی کوردیان حەڵاڵ کرد, گەنج ولاوانی کوردیان وەکو کافر بەبەرچاوی خەڵکەوە لەسەر جادەو بەردەم دوکان و مزگەوتەکانەوە گوللەباران کرد, ئەوان بەشدار بوون لە ڕوخاندن و بێمانا کردنی دونیایەك دروشم وباوەڕی جوان لە فەرهەنگی نەتەوەیی ئێمەدا، بەشدار بوون لە ناشیرین کردنی ژیان و خەونەکانی ئێمە, کەچی کوردبوون ناچارمان دەکات جارێکی دی دەنگ بۆ ئەو زاتە موبارەکانەی ناو مێژووی بریندارمان بدەین.**

**-4-**

**ئەی ئەوانەی لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان داوامان لێدەکەن دەنگتان بۆ بدەین، ئێمە ئەزانین ئێوە بە هیچ شێوەیەك نوێنەرو خەمخۆری ڕاستەقینەی ئەم نەتەوە بەدبەختە نین، پاڕانەوە و داوای بێوچانیشتان بەڵگەی ترس و دوودڵیتانە لە توڕە بوون و نەمانی باوەڕی خەڵك پێتان، بەڵام ئەگەر دەنگ نەدەین چی بکەین؟**

**دەنگ دەدەین و دڵنیاین دەنگدانمان ئەگەر لەلایەك وەستان بێت بە ڕووی تیرۆر و, ڕێگەگرتن بێت لە مەترسییەکانی شۆفێنیزم و تاك ڕەهەندیی دەسەڵات، ئەگەر دەنگدانمان ڕکابەرایەتیکردنی سیاسیانەی ئەو دەنگو لایەنانە بێت کە دژ بە خەون و ویست و داواکانی کوردن، ئەوا لەلایەکی دیکەوە دەنگدانمان پتەوکردن و فراوانکردنی دەسەڵاتی تاك ڕەهەندانەی یەکێتی و پارتییەو، درێژە پێدانی مەملەکەتە حیزبیەکەی بارزانی و تاڵەبانیە.**

**ئێمە بە خوێندنەوەی مێژووی دوورو درێژی شەڕی ناوخۆو ,مێژووی دەست تێکەڵکردنتان لەگەڵ بەعس و ئێران و تورکیا, تێدەگەین و دەزانین کە ئێوە نوێنەری ڕاستەقینەی ئەم گەلە بەدبەختەنین، ئێمە بە ڕامان لە سەریرەش و قەڵاچوڵان , بە ڕامان لە مەملەکەتی دەسەڵات و ئیحتیواکردنتان بۆ هەموو کونجێکی ژیان تێدەگەین کە ئێوە چەند دوورن لە ویژدانی ئەم گەلە ستەمدیدەیەو چەند نزیکن لە مەیلە دەسەڵاتسالاریەکانتان, ئێمە باش ئەتانناسین ، بەڵام ئەگەر دەنگ نەدەین، لەم دوڕیانی ترس و گومانە، چی بکەین؟!**

**-5-**

**دەنگتان بۆ ئەدەین و ئەزانین بەم دەنگدانە پێ لە ویژدانی خۆمان ئەنێین، دەزانین دەنگ بۆ گەندەڵیەك دەدەین کە چەندین ساڵە ئێوە بەرهەمهێنەرو درێژە پێدەری سەرەکی بوون، دەنگتان بۆ ئەدەین و سیمای ئەو بەرپرسانەشمان لەبەر چاوە کە پیاوی ئێوەن و دونیایان پڕ کردووە لە فەساد، دەنگتان بۆ ئەدەین و سیمای ئەو کۆنە جاش و کۆنە بەعسی وکۆنە مودیرعامانەمان لەبەر چاوە کە بە تەوقیعێك, تەنها**

تەوقیعێك, مێژووی هەموو گوناهەكانیان پاك بۆوەو بوون بە دۆست و لایەنگرو خۆشەویستی ئێوە ,ئیدی ئەو زاتە موبارەكانە ئەمڕۆ هەندێكیان ئەندامی پەرلەمان و، هەندێكیان راوێژكارو، هەندێكیشیان بازرگانی گەورەی ئەم ولاَتەن . دەنگتان بۆ ئەدەین و سیمای ئەو خەباتگێرو مرۆڤە پاك و خاوەن هەڵوێستانەشمان لەبەرچاوە كە شەرم ئەكەن تێكەڵ بەو هەموو گەندەڵیە بن و بەشداری گوناهەكانتان بكەن, بۆیەش لە زۆربەی مافەكانیان بێبەشن و بۆ بەرێوەچونی موعامەلەیەك دەبێت چاویان لەدەستی كادیرە زیرەكو خاوەن هەڵوێستەكانی ئێوە بێت. دەنگتان بۆ ئەدەین و ئەزانین ئێوە نوێنەری راستەقینەی هەموو میللەت نین،بەڵكو نوێنەری خۆتانن، نوێنەری چەند گروپێك و چەند بنەماڵەیەك و چەند مەجلیسێكن كەهەمیشە بۆ ئێوە گرنگتر بوون لە میللەت و رای گشتی و لە ویژدانی نەتەوەیی.

**-6-**

دەنگتان بۆ ئەدەین و ئەزانین بانقەكانی دەرەوەتان پڕكردووە لە پارەو زێڕو ئاه و هەناسەكانی ئەم میللەتە بێسەرپەرشتە. دەنگتان بۆ ئەدەین و ئەزانین كە ئێوەی دەسەلاَتدار هەموو شتێكتان لە نێو خۆتان بەسەر خۆتان و خزم و كەس و دۆست و لایەنگرانتان دابەشكردووە، سەنگەرەكان، شارو جادەو كۆلاَنەكان، بۆنەو جەژن و یادەكان، دائیرەو پۆست و بازارەكان، تەنانەت سۆزانی و مەلاو مامۆستاو پزیشك و دادگاكانیشتان لە نێو خۆتان بەشكردووەو ، ئێمەشتان لە نێو ئەو هومووو مایە پوچی و بەتاڵیە بەجێهێشت .چ قەدەرێكی نەفرەت لێكراوە، كە دەبێ ئێمە دەنگ بۆ ئێوە بدەین!!!
لە سایەی سەری ئێوەی (نیشتیمان پەروەرو میللەت پەرست) نیشتیمان پڕ بوو لە بێمانایی، ماناكانی پێشمەرگەو خەبات و سەنگەرو بەرگری و قوربانیتان لەلای ئێمە یەكسان كرد بە هیچ و, خۆتان مانای دیكەی وەكو فیفتی بە فیفتی و دوو ئیدارەیی و ناتەبایی و خیانەت و گەندەڵیتان خستە فەرهەنگی ئێمەوە. ئای چ میللەتێكی بێچارەو نەگبەتین. لە نێو ئەو هەموو گوناهەی ئێوەدا ئێمە ناچارین دەنگتان بۆ بدەین .

**-7-**

رۆژانێك كە هێشتا خەبات و قوربانی و هەڵوێست مانایان هەبوو, گلەییمان لەوە دەكرد كە كورد هاولاَتی دەرەجە دووەو لە پێناو نەهێشتنی ئەم واقیعە هەزارانمان بێسەروشوێن كران و, هەزارانمان شەهیدو هەزارانمان نەیانتوانی جارێكی دی ئاوڕ لە خۆشەویستەكانیان بدەنەوەو, چرای هەزاران ماڵ كوژایەوە..كەچی ئەمڕۆ لە سایە یسەری جەنابتان, جارێكی دی سیستەمی دابەشكردن دووبارە دەبێتەوەو جارێكی دی هاولاَتیان پۆلێن دەبن بەسەر دەرەجەكانەوە! كام گەنجی هەژارو نەگبەتی ئەم ولاَتە, بە بەراورد لەگەڵ كوڕو برازاو خوشكەزاكانی ئێوەی بەرپرس هاولاَتی دەرەجە دوو نیە ؟! كام كچی نازداری ئەم ولاَتە ئەتوانێت لە هەموو ژیانیدا بەقەد مانگێكی كچانی ئێوە مەسرەف بكاو, كامەیان لە ئاست كچ و خوشك و بوكەكانی ئێوە دەرەجە دوو نین؟! كام كوڕی كورد, كام موچەخۆر, كام كاسب و كام نوسەرو كام مامۆستاو كام هاولاَتی لەم ولاَتە غەریبەدا , لە ئاست ئەندامێكی بنەماڵەكانتان, ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی و

**سەرکردایەتیەکانتان , یان لە ئاست کچ و کوڕو خزمەکانی ئێوە هاولاَتی دەرەجە دوو, بگرە دەرەجە سێ و چواریش نیە؟!!!ئای چەند گوناهین کە جگە لە دەنگدان بۆ ئێوە چارەیەکی دیکەمان نیە!**

**دەنگتان بۆ ئەدەین وئەزانین ئێوە شایەنی ئەو هەموو باوەڕەی ئێمە نین, دەنگتان بۆ ئەدەین و ئەزانین ئێوە لە ئاست ئەو هەموو چاوەڕوانی و دوودڵیەی ئێمە نین. لێتان خەسارە هوروژمی دەنگ دانی ئەو هەموو پیرەپەکەوتەیەی کە بەپشتی چەماوەو دڵی شکاوەوە بە سواری عارەبانەو کۆڵی کورەکانیان بەرەو سندوقەکان بەرێ ئەکەون و دەنگتان بۆ ئەدەن, ئێوەش بە سواری مۆنیکاو دوایین مۆدێلی ماشێنەوە لوتف دەفەرموون و دەڵێن ئافەرین.!!! لێتان خەسارە ئەو هەموو پیرەژن و بێوەژن و نەخۆش و دەردەدارە بە دەستی لەرزۆك و لاوازیانەوە قەڵەمتان بۆ ئەگرنە دەست و دەنگتان بۆ ئەدەن , ئێوەش بە دەستو بازووی نەبەردتان رۆژانە چەندین بۆندی بازرگانی ئیمزا دەکەن , لەولاشەوە بە فیزەوە دەفەرموون هەرکەسێك دەنگ نەدات کورد نیەو خائینە !! تێناگەین گەلۆ ئەو هەموو کوردپەروەرو نیشتیمان پەروەرە لەکوێوە هاتوون ؟! نیشتیمان ئەو هەموو پیاوەت لەکوێ بوو ؟!**

**-8-**

**دەنگتان بۆ ئەدەین و دڵنیاین ئێوە تا ئەو شوێنە پێویستیتان بە دیموکراسیەتە کە خزمەتی پایەو مەقام و بەرژەوەندیەکانی خۆتان ئەکات، لەدەرەوەی ئەم ئیعتیباراتانە، ئێوە نەدیموکراسین و نە دەتانەوێ دیموکراسیەت بەرقەرار بێت. دەنگتان بۆ ئەدەین و تەزویرو تەهدید و پێشێلکاریەکانی ئێوەمان لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی و پەرلەمان و قوتابیان و خوێندکاران لەیادە. بینیومانە کە چۆن لەپێناو زیادکردنی نفوزو فراوانکردنی مەملەکەتی دەسەلاَتتان هەموو رێگایەکتان گرتۆتە بەرو , دواهەمین شتێك بیرتان لێکردبێتەوە دیموکراسیەت ویاسا بووە. دەنگتان بۆ ئەدەین و حاڵیین لە غەریزەی باوکسالارانەو سیاسەتسالارانەو حیزبسالارانەی جەنابتان و, بێگومانین کە ئەگەر کەسێك، کارمەندێك، بەرپرسێك, بەڕێوەبەرێك یان تەنانەت وەزیرێکیش لە قسەی ئێوە دەرچێت، چ قەدەرێکی شوم چاوەڕێی دەکات و, بینیومانە کە چۆن بێئەوەی هیچ ئیحترامێکی رای جیاواز بگرن سوکایەتی پێدەکەن و دەیشکێنن و دەیخەنە بەر نەفرەتی رەشتان.**

**دەنگتان بۆ ئەدەین و لێمان مەعلومە کە ئێوە تا ئەو ئاستە رای جیاوازو سەربەخۆتان قەبوڵە کە زەرەر بە ئیمپراتۆریەتی حیزبی و خێڵگەراییانەی ئێوە ناگەیەنێت, هەتا ئەوێ لەگەڵ نوسین و رۆشنبیری و مەعریفەدان کە لە موقەدەس و حەرامەکانی عەقڵ و سەحرای بیرکردنەوەی ئێوە نزیك نابێتەوە, خۆ ئەگەر نوسەرێك, قەڵەمێکی ئازاد یان رۆشنبیرێکی سەربەخۆ جورئەتی کرد رەخنە لە گەندەڵی و ناعەدالەتی و تاریکاییەکانی عەقڵ و بیرکردنەوەتان بگرێت, ئەوا راپۆرتنوس و کادیرە خاوەن مەعریفەو بەهەڵوێستەکانتان ئازان لەوەی دونیایەك ناو و ناتۆرەی بۆ بدۆزنەوەو, بەوە تاوانباری بکەن کە دەستێکی لە پشتەو, ئەزمونی هەمیشە ناسکی کورد لەبەرچاو ناگرێت. لێتان خەسارە ئەو هەموو نووسەرو**

رۆشنبیره دەچنه سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگتان بۆ ئەدەن ، لەکاتێکدا ئێوەی دیموکراتیخواز لەسەر گوتنی حقیقەتێك چەندان لەو نوسەرانەتان روبەڕوی سزاو لێپرسینەوە کردوون و, زۆرجاریش راپێچی زیندانەکانتان کردوون... لێتان خەسارە ئەو هەموو پەیامنێرو رۆژنامە نووسە دیعایەتان بۆ ئەکەن و دەنگتان بۆ کۆ ئەکەنەوە، لە کاتێکدا ئێوە سەتەلایتەکانیان، رۆژنامەکانیان، دەمو قەڵەم و هاواریان دادەخەن و نەفرەتیان لێدەکەن..

**-9-**

دەنگتان بۆ ئەدەین و بە ئیمانەوە پێتان دەڵێین :لێتان خەسارە ئەو هەموو منداڵە چاوگەشەی کورد دوعاتان بۆ دەکات، لەکاتێکدا ئێوەی خاوەن شکۆ لە رۆژانی رەشی شەڕی ناوخۆدا رەنگەکانتان لێقەدەغە دەکردن و دەتانویست هەموویان دونیا بە ڕەنگی ئێوەو, ژیان بە میزاجی ئێوە ببینن.. لێتان خەسارە ئەو هەموو زارۆیە لە یەزدان ئەپاڕێنەوە ئێوە دەنگ بێنن، کەچی رۆژانێك ( ئێوەی کورد), براو باوك و ئامۆزاکانی ئەوانتان لەسەر جیاوازی بیروڕای سیاسی و لەسەر نەچوونە ژێر باری مەملەکەتە دۆزەخیەکەی ئێوە، دووچاری ئیهانەو ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی دەکردو, بەندینخانەکانی ئاکریێ و مەعەسکەر سەلامتان لێپڕ دەکردن.

لێتان خەسارە ئەو هەموو گەنج و لاوە دێنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگ بۆ کوردایەتیەك دەدەن کە لەسایەی سەری ئێوە بایی زەررەیەك خۆشی و ئیسراحەتیان لێ نەبینیوە. لێتان خەسارە لاوانی وڵات پیێ لە دڵی خۆیان دەنێن و دێن دەنگتان بۆ ئەدەن, لەکاتێکدا ئێوە لە پەرلەمان و لە راگەیاندنە ( ئازادەکانتاندا) بە قاپشۆر و دەمڕوت و نامەسئول ناوتان دەبردن. لێتان خەسارە ئەو هەموو کوڕو کچە چاو گەش و هوشیارەی زانکۆو پەیمانگاکانی وڵات، پۆل پۆل دێن و دەنگتان بۆ ئەدەن، کەچی ئێوە رۆژانە سوکایەتیان پێوە ئەکەن و دەیانخەنە بەر دەستی چەند مامۆستایەکی دڵرەق کە پیاوی ئێوەن, بۆ ئەوەی بە هەوەسی خۆیان یاری بە خەون و حەزەکانیان بکەن, یان ئەگەر لەسەر گەندەڵیەك مانیان گرت یان داوای مافێکی خۆیانیان کرد , تەقەیان لێدەکەن و وەك ئەوەی داوای روخانی دەولەتی کوردیان کردبێت راپێچی گرتووخانەکانی ئاساییشیان دەکەن. لێتان خەسارە قوتابیان و خوێندکاران دەنگتان بۆ ئەدەن، کە بۆ وەرگرتنی دەرەجەیەك یان کورسیەك لە زانکۆ دەبێ سەدان شەو بەدیار فانۆس و عەلائەدینێکەوە دانیشن و شەونخونی بکەن، کەچی کوڕو براو برازاو دۆست و ئەحبابی ئێوە, بەرپرسە حیزبیەکانی ئێوە بە هەوەسی خۆیان کۆلێژەکان هەڵدەبژێرن و ئەو زەمالاتی خوێندنەش بۆخۆیان تاپۆ دەکەن کە وڵاتانی دی وەکو خێر دەیدەن بە قوتابیانی کورد.

دەنگتان بۆ ئەدەین و ئەزانین لێتان خەسارە ئەو هەموو خەڵکە هەژارە، ئەو هەموو سواڵکەرو کرێکارو جوتیارە, کە لە بەیانیەوە تا ئێوارە بە دوای پەیداکردنی نانێکی حەڵاڵن، دوکان و عارەبانەو خاکەناسەکانیان جێدەهێڵن و دێن دەنگتان بۆ ئەدەن, کەچی ئێوە لە دەعوەتی ئێوارەیەکدا , بەقەد ژیانی هەزارانیان پارەو سەروەت سەرف ئەکەن و, لە گۆڤەندی شەوێکتاندا هەزاران دۆلار بەبادەدەن .

پەنجە ئەخەینە نێو مەرەکەپی دەنگدان و واهەست دەکەین دەیخەینە ناو خوێنی خۆمانەوە، چارەیەکی دیکەمان نیە، ئەگەر نا ئێوە شایەنی ئەو هەموو باوەڕو ئەو هەموو ئەزیەتکێشانەی ئێمە نین..

**-10-**

لە پەنجەرەی ماڵە تاریکەکانی خۆمانەوە ئەڕوانینە درەوشانەوەی چراکانی قەلاّچۆلان و سەری رەش و دەنگتان بۆ ئەدەین, لە بانێژەی بەختی نەفرەتلێکراوی خۆمانەوە تەماشای سەیارەو باڵەخانەو کۆشك و باخ و پاوانەکانی ئێوە دەکەین و دەنگتان بۆ ئەدەین, لە شەوانی پڕ لە یەئس و پڕ لە خۆخواردنەوەی خۆمانەوە دەڕوانینە شەوانی سورو پڕ لە قاقای ئێوەو دەنگتان یۆ ئەدەین. سەیری رابردووتان ئەکەین و یەکە یەکەی گوناهەکانتان ئەبینین, سەیری کابینەی حکومەتەکانتان ئەکەین و وەعدە جێبەجێنەکراوەکانتان ئەبینین, شەرم لە کوردبوونی خۆمان ئەکەین کە هەموو جاریَ پێش هەڵبژاردنەکان دێن لەسەر شاشەو لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا , لەژێر ئالاّی کوردستان و لەژێر وێنەی رەمزەکانمان , پەیمان ئەدەن گەندەڵیی نەهێڵن, سوێند ئەخۆن جیاوازی لەنێو نەوەکانی میللەت نەکەن, وەعد بە شەهیدان و کەسوکاریان ئەدەن کە تاجی سەری ئێوە بن , سوێند بۆ فەرمانبەرو , پیرو گەنج و منداڵانی گەل ئەخۆن کە داواو مافەکانیان بهێننە دی, کەچی دوایی وەکو هەموو جاریَ پەیمانەکانتان ئەبنە بڵقی سەر ئاو وهەموو ئەو خەڵکە لەبیر ئەکەن کە لەرۆژانی تەنگانەدا لەپشتتان وەستان و دەنگیان بۆ دان. دەنگتان بۆ ئەدەین , ئەمجارەشیان پشتتان ئەگرین و ناهێڵین کوردبوونمان ئەزیەتی ویژدانمان بدات , ئەگەرچی دڵنیاشین پەیمانەکانی ئەمجارەشتان لە هی جاران باشتر نابێت, ئەزانین ئێوەی کوردپەروەر هەربەتەنها لەکاتی هەڵبژاردن و لێقەومانتان گەل و خەڵکتان لەیادە. ئەزانین ئێوە راهاتوون لەسەر ئەوەی کە لە سەرووی یاساو لە سەرووی پەیمان و کووردبوونەوە بن . بەلاّم ئێمە وەك ئێوە بێئینساف نین .خوێنی خۆمان ئەخۆینەوەو بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دێین.

دەنگتان بۆ ئەدەین و دڵمان پڕە لە خەفەتی نا عەدالەتی و ناتەباییەکانی ئێوە، دەنگتان بۆ ئەدەین و چاومان پڕە لە فرمێسکی دڵشکان لە بێئینسافیەکانی ئێوە، دنگتان بۆ ئەدەین و نغرۆین لە نێو غەدری ئێوە..

**-11-**

ئەمجارەشیان دڵمان ئەکوشین و دەنگتان بۆ ئەدەین , جارێکی دی کوردبوونی خۆمان ئەکەین بەکۆڵماناو رووەو سندوقەکانی دەنگدان ئەرۆین, دەنگتان بۆ ئەدەین و ناهێڵین ئالاّکەمان بکەوێت , دەنگتان یۆ ئەدەین و ناهێڵین کوردایەتیمان عەزیەتی بێت , چارەیەکی دیکەمان نیە گەڵۆ.

دەنگتان بۆ ئەدەین و ئەزانین ئێوە نیشتیمانتان پڕکرد لە بێئومێدی , خۆتان کرد بە خاوەن و گەورەی هەموو شتێکی ئەم ولاّتە. کامە دەوڵەمەندی گەورە هەیە پیاوی ئێوە نەبێت؟ کامە پرۆژەی بازرگانی گەورە

هەیە هی ئێوە نەبێت، کامە سوپەر مارکێت و باخچەی یاری و هوتێل و موتێلی گەورە هەیە هی ئێوە نەبێ؟! کامە شەحنی سەیارە هەیە ,سەیارە جوان و گرانەکانی بۆ ئێوەی (میللەت پەرست) تەرخان نەبێ؟!
نیشتیمان هەمووی هی ئێوەیە، شەڕەف هەمووی هی ئێوەیە، شکۆ هەمووی بۆ ئێوەیە، ئێمەش هی ئێوەین، کاتێك حەزتان کرد دەست دەخەینە نێوە دەستی یەکتری‌و دەڵێین بژی ئاشتی، کاتێکیش زەوقی شەرتان هەڵسا و بەرژەوەندیەکانتان لە گەڵ یەکتری نەگونجا، یەك فیکەمان بۆ بکەن بۆ ئەوەی لەکونفەیەکونێکدا هەموومان ببین بە بە دوژمنی یەکتری و, جارێکی‌دی لە راگەیاندنەکاند حەیاو شەرەفی یەکتری ببەین و, جنێو بە خوشك و دایك و موقەدەساتی یەکتر بدەین، کەی حەزتان کرد پێمان بڵێن، بۆ ئەوەی جارێکی دی لەگەڵ جیران و دۆست و براکانی خۆمان بیکەینەوە بە شەڕو ببین بە دوژمنی یەکتری، کەی حەزتان کرد پێمان بڵێن بۆ ئەوەی کامە گرد هەیە بۆتانی بگرین، کامە بارەگا هەیە بۆتانی وێران بکەین و کامە رەنگ هەیە بۆ تانی مەحف بکەینەوە، ژیان هی ئێوەیە، ئێمە هی ئێوەین، شەڕو ئاشتی هی ئێوەیە، هەر خۆتان و مەرتەبەی موتەعالیتان شایەنی ئەوەیە قەرار بفەرموێت کەی شەڕ بکەین و کەی ئاشتی، هەر ویژدانی زیندووی جەنابتان بۆی هەیە قەرار بفەرموێت کێ تێکۆشەرەرو کێ خائین، کێ نیشتیمان پەروەرەو کێ نیشتیمان فرۆش، کێ خاوەن هوڵوێستەو کێ بێهەڵوێست، ئێوەی خاوەن ویژدان و خاوەن شکۆو جەلالەتن کە ماناکانی ژیان و شەڕەف و کەڕامەت فێری ئێمە دەکەن، ئێوە نەبن ئێمە نە لەژیان تێدەگەین و نە دەزانین کەڕامەت چییە؟! ئێوە نەبن شەرفی ئێمە لە خەتەردایە..
ئای گەلۆ.. کورد بوون چ نەگبەتیەکی گەورەیە!!!

**-12-**

دەنگتان بۆ ئەدەین و ئەزانین کەسێك سەر بە مەملەکەتە حزبیەکەی ئێوە نەبێت گومانلێکراوە ، کەسێك ئیمزای بۆ گوناهو گەندەڵیەکانی ئێوە نەکردبێ لە فەرهەنگی ئێوەدا بێ هەڵوێستە . کەسێکیش بەدوعاکانتان بڵێت ئامین ، با کافریش بێت، با رابردوشی پاك نەبێت ، با پڕاوپڕیش بێت لە گوناه و گەندەڵی ، ئەوا لە فەرهەنگی ئێوە خاوەن هەڵوێست و خانەدانە و دەبێ پاداشت بکرێت .دەنگتان بۆ ئەدەین و ئەزانین ئێوە ماناکانی خەبات و هەڵوێستتان وێرانکرد . ئێوە نەبوونایە عەقڵیەتە کۆنەخوازو دڵرەشەکان نەیان ئەتوانی فێڵ لەو هەموو خەڵکە بکەن و ئەو هەموو گەنجە جوان و عاشقە فریو بدەن. ئێوە نەبوونایە کەس دەرگای لە هێزە کۆنسێرڤاتیڤەکان نەدەکردەوەو , نەدەهاتن بە ناوی دین و ئیسلاحەوە فێڵ لەم گەلە بەدبەختە بکەن. ئێوە نەبوونایە هێزە فەندەمێنتاڵ و دۆگماکان لەم وڵاتە شەرعیەتیان وەرنەئەگرت و ئەمڕۆ نەدەهاتن گرەو لەسەر کورسی و لەسەر دوارۆژی ئەم نەتەوەیە بکەن. ئێوە نەبوونایە کەسانێك کە دڵ و دەروونیان پڕە لە رق و کینە, ژێربالیان پڕە لە پلان نەیانئەوێرا بێن باسی پاکیی بۆ ئێمە بکەن و بەناوی بنبڕکردنی گەندەڵی فێڵ لە دایکی شەهیدان و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و خەڵکی هەژارو داماو بکەن .گەندەڵیی ئێوە نەبوایە کەسانێك کە رابردوویان لێوانلێوە لە گوناهو ئەمڕۆیان پڕە لە پلان و دەسیسە,

نەدەهاتن بەناوی پاکی و نەزاهەت و شەهامەتەوە فێڵ لە گەنج و لاوانی کورد بکەن و بەناوی نەهێشتنی گەندەڵیەوە پشتبکەنە کورد و دوارۆژی کورد بخەنە مەترسیەوە. ئێوە نەبوونایە گەراکانی ترس و تیرۆر لە سعودیەو یەمەن و ئەفغانستانەوە نەدەهاتنە نێو ماڵی ئێمەو , ئێوارانی ئێمە لەگەڵ شەوانی بکوژان تێکەڵ نەدەبوو.

ئێوە نەبوونایە کوردایەتی مانای دیکەو, خەبات مانای دیکەو, ئایین و نەزاهەت مانای دیکەی دەبوو.

## -13-

ئەی ئەوانەی داوامان لێئەکەن دەنگتان بۆ بدەین, بڕوا بکەن ئاشناین بە غەدرو گوناهەکانی ئێوە, هەموو ئەوانەو سەد ئەوەندەش دەربارەی گوناهو تاوانەکانتان ئەزانین، کەچی دەبیٚ دەنگتان بۆ بدەین، چونکە کورد بوون نەگبەتیەکی گەورەیە و هەمیشە دەمانخاتە بەردەم هەڵبژاردنە گران و پڕ ئەزیەتەکانەوە.دەنگتان بۆ ئەدەین و وا هەست ئەکەین قەڵەمەکە بە دڵی خۆماندا دێنین، دەنگتان بۆ ئەدەین و پڕین لە پرسیار، دەنگتان بۆ ئەدەین و پڕین لە هاوار، دەنگتان بۆ ئەدەین و پڕین لە شکان، پڕین لە گلەیی، پڕین لە بێزاری لە ئێوە، دەنگتان بۆ ئەدەین و چاومان پڕە لە فرمێسکی دڵشکان لە بێئینسافی ئێوەو نغرۆین لە غەدری ئێوە.بەلاٚم چارەیەکە دیکەمان نیە

ئاخر دەنگتان بۆ نەدەین چی بکەین؟ دەنگ بۆ کیٚ بدەین و لەم دوڕیانی ترس و گومانەدا روو بکەینە کویٚ؟!

ئای گەلۆ کورد بوون چ نەنگبەتیەکی گەورەیە.!

ئای نیشتیمان بەختمان چ بەختێکی نەفرەت لێکراوە!